بڵێ: لا إله إلا الله، بەهۆیەوە شاهێدیت بۆ دەدەم لە ڕۆژی قیامەتدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە مامی فەرمووی: «بڵێ: لا إله إلا الله، بەهۆیەوە شاهێدیت بۆ دەدەم لە ڕۆژی قیامەتدا»، -مامی- ووتی: ئەگەر قوڕەیش لۆمەیان نەکردمایە، دەڵێن: ترسی مردن بووە هۆی ئەوەی بیڵێت؛ ئەوا چاوی تۆم پێی دەگەشاندەوە، خوای گەورە -ئەم ئایەتەی دابەزاند- : {إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ} [القصص: 56] واتە: {بەڕاستی (ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-) تۆ ناتوانیت ئەو کەسەی خۆشت بوێ هیدایەتی بدەیت بەڵام خوا هەرکەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات}.

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای لە ئەبو تاڵیبی مامی کرد لەکاتێکدا ئەو لە سەرەمەرگدا بوو کە شایەتمان بڵێت (بڵێت: لا إله إلا الله)، بۆئەوەی لەقیامەت شەفاعەتی بۆ کات، وشاهێدی ئیسلامەتی بۆ بدات، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە شایەتمان بڵێت لەترسی جوێن وسەرزەنشتی قوڕەیش ودوواجار بڵێن: ئەو مسوڵمان بوو لەترسی مردن ولاوازی! بەپێغەمبەری فەرموو -صلى الله عليه وسلم-: ئەگەر ئەوە نەبووایە ئەوا دڵخۆشم دەکردیت بە ووتنی شایەتمان، وهیواکەتم دەهێنایە دی هەتاوەکو ڕازی دەبووییت! خوای گەورە -سبحانه وتعالى- ئایەتێکی دابەزاند کە تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- توانای هیدایەتدانی خەڵکی نیە، ئەمە تەنها بەدەستی خوای گەورەیە -عز وجل- هەرکەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات بۆ قبوڵکردنی ئیسلام ومسوڵمان بوون، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هیدایەتی خەڵکی دەدات بە ئاراستە کردن وڕێنیشاندان وڕوونکردنەوەی هەق وبانگەوازی بۆ ڕێبازی ڕاست.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65069

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee